# کەرکووک، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمدا!

سیروان کاروانی

کەسێ، گرووپێ یان لایەنێک خۆی بە نوێنەری نەتەوەکەی خۆی بزانێ، نابێ هەرگیز سازش لەسەر خاک و خۆڵ یاخود داواکاریی مافە بنەڕەتییەکانی نیشتیمانەکەی بکات. هەتا کاتێ لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی مودێرن و ڕاستەقینەوە هەڵوێستی یەکە بە یەکەی هاونیشتیمانانی وەرنەگرێ. خۆ ئەگەر بارودۆخی هەرێمی و ناوچەییش بۆ ئەو کارە لەبار نەبێ، ئەوا دەبێ مەسەلەیەکی وا چارەنووسساز بۆ ڕۆژانی داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە هەڵبگیرێ.

گومانی تێدا نییە کێشەی کەرکووک لای خەڵکی کورد و ڕۆشنبیرانییەوە هەردەم وێردی سەر زوبان و نووسینی سەر لاپەڕەکانی کاغەز بووە و، تەنانەت جاری وابووە کە لەبەر ڕەتکردنەوەی ئەو داوایە گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمەکانی فەرمانڕەوایشی لە عێراقدا لەسەر پچڕاوە و چەندەها شەهیدی لەپێناودا دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کورد هەر پێیان لەسەر داواکانی خۆیان کە کوردستانیبوونی شارەکەیە، داگرتووە و ڕێگای سازش سەبارەت بەو شارە بووە بە کارێکی مەحاڵ.

ئەگەر لە سەردەمی ئێستادا کێشەی کەرکووک نەبووایە بە قوربانیی ململانێیەکی دووردرێژی نادیار و ناپێویست و لە بنەڕەتدا هیچ لەجێ شیننەبوو، ئەوا وەک زۆر لە کێشەکانی تر پێی لەسەر دادەگیرا و ئەنجامە چاکەکانی بەبەر چاوی خەڵکەوە دیار دەبوو. ئەگەر ئەو شارە بە چاوی دڵ و قودس و زێڕی ڕەشەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، ئەوا ئێستا تەنانەت گەڕەکە سەد لە سەد دانیشتوانە کوردنشینەکانیشی بە لادێ و خەرابە نەدەچوو.

گەلی کورد هەرچۆنێک بێ، بە تەقڵەی مامەحەمەش بێ، ئەنجوومەنێکی نیشتیمانیی پێکەوە نا و خەڵکیش زۆر بە هیوای ئەوەوەن ئەو ئەنجوومەنی نیشتیمانییە لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بێ و کار و هەڵوێستی بوێرانەی لێ ببینێ وەک ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتی لەسەر ئاستی کوردستان بەپێی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا کە سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و کولتووری سەربەخۆ دابین بکات، گوشاری تەواو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک و ناوچەکانی تری تا ئێستا داگیرکراو یاخود ددان پێدا نەنراو بە گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یەکگرتنەوەی ئیدارەکان بۆ ئەوەی کوردستان لەوە زیاتر لەت نەبێ، ئاوارەکانی کەرکووک و ناوچەکانی سەر بەو شارە و زۆر شتی گرنگی تر. مایەی سەرنجە کە دواهەنگاوی ئەو ئەنجوومەنی نیشتیمانییە بەپێی گوتەی هێندێک لە ئەندامانی لیژنەی داڕشتنی ڕەشنووسی دەستووری ئەنجوومەنی نیشتیمانی و (ئێستای پڕۆژەی دەستووری هەرێم کە لەم ڕۆژانەدا بەیان کردا)، **ڕێگەدان** بۆ دەست هەڵگرتنە لە شاری کەرکووک وەک پایتەختی داهاتووی کوردستان.

لە کاتێکدا لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا کەرکووک وەک پایتەختی کوردستان ناوی هاتووە، کەچی چونکە دەستووری عێراق تا ئێستا ملی بەو داوایە نەداوە، لیژنەی داڕشتنی دەستوور لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان وەک زۆر لە داواکانی تری خەڵکی کورد، دەیەوێ بەخۆیدا بچێتەوە و ناوی کەرکووک وەک پایتەختی کوردستان لەو دەستوورەدا لابەرێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی بەرەو پاشەوەیە کە بە جۆرێک لەسەر چارەنووسی کەرکووک دەکرێ و بۆ دوارۆژ مەترسییەک دەنێتەوە. دەکرێ لەم سەردەمەشدا، *کەرکووک پایتەختی هەرێمی کوردستانە* هەر

وەک خۆی لە دەستووری هەرێمدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەنی سیاسییەوە بۆ دواڕۆژی ئەو ئەو شارە زیاتر کاریگەریی خۆی بنوێنێ.

ئەگەر وابێ و حکومەتی ئێستای عێراق هێواش هێواش لەسەر کێشەی کەرکووک پاشەکشە بە لایەنی کوردی بکات و ناچاری بکات دەستبەرداری داواکارییە گرنگ و چارەنووسسازە نەتەوەییەکانی بێت، ئەوا هەرچی زووترە لایەنی کوردی دەبێ ئیستۆکبوونی خۆی لە ململانێی سیاسیدا ڕابگەیەنێ.

2005.11.12